

# سێوە و سەراب

**قانع هۆلان**
**(سلێمانی)**

سێوەی خوشکم تەمەنی هەشت ساڵ بوو، دایکم دەیوت: سەرەتای شەڕی نێوان ئێران و عێراق لەدایک بووە، کەواتە دوو ساڵ تەمەنی لە من بچووکتر بوو، منیش سێ ساڵ لە شوانەی برام بچووکترم، بیرم ناچێ نەنکم خوا عافووی کات بەردەوام بۆ باوکم دەگریا و شوانەی برام کە لێمان دابڕابوون، ئەوە حەفتەیەکە بەرگەی ئەو دۆخەی نەگرت کە تێیدا بووین، بۆیە گیانی سپارد و مرد، نەنکم دەیگێڕایەوە، گوایە من خوشکێکم لەتەمەنی چوار ساڵیدا مردووە، چونکە مار پێوەی داوە.

لادێکەمان دوورە جادە بوو، بۆیە باوکم نەیتوانیبوو فریای نەخۆشخانەی شاری بخات، هەر بۆیە دادەم مردووە، هەموو جارێک کە نەنکم بەلاوانەوەوە دەیگێڕایەوە و باسی دەکرد، دڵم تەنگ و بێتاقەت دەبووم، بۆی دەگریام، پێویستە بیرم نەچێت بڵێم ئەو خوشکەم کە مرد ناوی سێوە بوو، ئیتر بەداخەوە دایک و باوکم نەیانتوانی لە بیری کەن، هەر بۆیە ناوی سێوەیان نا بەخوشکە بچووکەکەمەوە، بۆیە زۆرمان خۆش دەویست، بۆ ئێمە دوو جار سێوە بوو، زۆر ڕوح سووک و جوان بوو، هەر بۆیە دایکم لە باوەشی کردبوو، توند بەسینەوەی نووساندبوو، منیشی لە تەنیشتی خۆی دادەنیشاند زوو زوو قۆڵی دەگوشیم و دەیوت: لە من دوورمەکەورەوە کچێ، لەناو دەیان ژن و منداڵی تردا کە وەک ئێمە عەسکەرەکان ئەم لاولایان پێ دەکەن، وا بۆ دە ڕۆژ دەچوو لە بیابانێکی دوور بووین لە مەعەسکەرێکدا (سەربازگە) دایان نابووین، سەربازەکان زۆر تووڕە و خراپ بوون، دایکم لەسەربازەکان دەپاڕایەوە کە هەواڵی باوک و براکەم بزانێت، شەوێکیان دایکم خەریکی دوورینەوەی تاکە نەعلەکەی سێوەی خوشکم بوو، دەرگای ژوورەکەیان کرایەوە، دوو پیاو بەجلی سەربازییەوە هاتنە ژوورەوە، یەکێکیانم پێشتر بینیبوو کە دایکم لێی دەپاڕایەوە هەواڵی باوک و براکەمی پێ بڵێت، ئەوەی تریان ورگنێکی ڕەشتاڵە بوو، پێشتر نەمدیبوو، بەڵام دیاربوو ڕەیس بوو، سەربازە سادەکە دایکمی بانگ کرد، کوردی دەزانی، چونکە چەند ساڵ لە کوردستان لە دەڤەری قەڵادزێ لەبازگە بووە، بۆیە

زمانی کوردی بە باشی فێربووبوو، وتی: گەلاوێژ، وەرە ئەو پیاوە هاتووە یارمەتیت دەدات، دایکم هەستا و بەخۆشحاڵییەوە چووە لای دەرگاکەو دەستی کرد بەسوپاسکردن و دوعای خێر بۆیان، بەڵام پیاوەکە بەشێوەیەک سەیری دایکمی دەکرد، من بەو منداڵییەوە هەستێکی ناخۆشم لادروست بوو، سەیری سێوەم کرد خەوتبوو، سەیری ئەم لاو ئەولام کرد تاک تاکە ژنێک، یان منداڵێک دەجوولان، بەڵام کەس نەبوو پێی بڵێم دەترسم، پاشان پیاوە ڕەشتاڵەکە ئیشارەتی کرد بۆ سەربازەکە و ڕۆیشتە دەرەوە، ژنێکی بەتەمەن هەستا و وتی: خێرت دەگات، منیش دەمەوێت هەواڵی کوڕ و کچ و منداڵەکانم بزانم، سەربازەکە تووڕەبوو وتی: ڕاکشێ پیرێژن، یان بێم بەم شەوە بووبەمە دەرەوە و سەگ بتخوات، گوێ و لێیانە دەوەڕن، منیش گوێم ڕاگرت ڕاستی دەکرد، دەنگی وەڕینی سەگ زۆر بوو.

لەبیرم نەچێت دەیانوت ئەو کەسەی دەمرد و دەیانبردە دەرەوە دەیاننناشت، ئەوە هەر یەکەم شەو سەگ گۆڕەکەی هەڵدەدڕی و مردووەکەی دەخوارد، بەڵێ سەربازەکە بەدایکمی وت: گەلاوێژ ئەم پیاوە ئیستخباراتی عەسکەرییە و دەستی دەڕوات ئەگەر بیەوێت بەئاسانی مێردەکەو پەیدادەکات و هەمووتان ئازاد دەکات، دایکم وتی: تۆ بڵێی ئەو خێرە بکات، بەڵام ئەو پیاوە زۆر خراپ سەیری دەکرد لێی دەترسم، سەربازەکە وتی: ئەوە تۆ نایناسی پیاوێکی زۆر میهرەبانە و حەزی لە چاکە و پیاوەتییە، دەی بابڕۆین بۆ لای و پێی بڵێ و بپاڕێرەوە، بەڵکو کارێکت بۆ بکات، دایکم وتی: ئەی بۆ ڕۆیشت، خۆ دەست و قاچیم ماچ دەکرد، سەرباز وتی: ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە کەری، چۆن لەبەردەم ئەم هەموو خەڵکەدا کار بۆ تۆ بکات، دوایی ئەم ژنانەی تریش وازی لێ ناهێنن ئەوانیش هەمان داوایان دەبێت، دایکم وتی: ئەمانیش دڵیان لای کەس و کاریانە، حەقی خۆیانە هەواڵیان بزانن، سەرباز وتی: پەلە مەکە، جارێ با کارەکەی تۆ مەیسەر بێ، ئەوسا مشووری ئەوانیش دەخۆین، دایکم ڕازی بوو، بەمنی وت: چاوت لە سێوە بێت، ئێستا دێمەوە، لەگەڵ سەربازەکە ڕۆیشت، من زۆرم پێ ناخۆش بوو، بێتاقەت بووم کە دایکم ڕازی بوو بڕوات، بۆ یەک سات حەزم بەمردن کرد، بەڵام کوا مردن.

بۆ ماوەیەک هیچ دەنگێک نەما، جگە لە دەنگی وەڕینی سەگەکان، چاوم نووقاند و ئەو پیاوە ڕەشتاڵەیە هاتە پێش چاوم، بۆ ساتێک خۆم لە جادەیەکی تاریک بینی کە دەستی سێوەم گرتووە، ئەو پیاوەش سەگەکانم تێبەردەدات بمانخۆن، بۆیە ڕامان دەکرد، بۆئەوەی سەگەکان بە ئێمە نەگەن و بمانخۆن، نەنکم هاتە سەر ڕێیان و وەستا و سەیری ئێمەی دەکرد و هاواری کرد، سێوە...سێوە...سێوە گیان، سەگەکان گەیشتن و بەربوونە نەنکم، بەگریانەوە دوورکەوتمەوە و ڕامکرد، پاش کەمێک دەنگی سەگەکان کەم بوونەوە، بەڵام گوێم لە دەنگی قاچی کەسێک بوو، دڵم خۆش بوو، وتم هەرکەسێک بێت باشترە لە سەگەکان، وەستاین، سێوە بەگریانەوە وتی: کوانێ نەنە تونیمە! لەپڕ کەسەکە هاتە بەردەمان، سەیرم کرد کابرای ڕەشتاڵەیە، زۆر ترسام، باوەشم بەسێوەدا کرد، سێوە هەردەگریاو دەیوت: ئاو، ئاو تونیمە، کابراش هاتە پێشەوە و دەستی ڕاکێشا بۆ سێوە بە ئیشارەت دەیوت وەرە، قوم قومەیەکی سەربازی پێ بوو، سەرەکەی کردەوە و دەمەکەی دانەواند و ئاو دەچۆڕایە سەر زەوی، سێوە دەستی منی بەردا و بەرەو لای کابرا بەڕێ کەوت، منیش چمکی کراسەکەیم گرتبوو، بەڵام هەر دەڕۆیشت، قوم قومەکە ئاوی تێدا نەما، سێوە چووە بەردەمی کابرا ڕەشتاڵەکە و پێدەکەنی و نیشانی دەدا کە ئاوەکە هەموو ڕژاوە، ئیشارەتی دەکرد بۆ سێوە کە ئاوی سەرجادەکە کە بووبوو بە قوڕاو بیخواتەوە، سێوەش دانەوی و دەمی برد بۆ قوڕاوەکە، لەپڕ تارماییەک هات و خۆی هەڵدایە سەر پیاوە ڕەشتاڵەکە و بە چەپۆک بەربووە لێدانی، بەڵام ئەو بەهێزتر بوو، بۆیە دایکمی دا بە زەویدا و وەک سەگ بەربووە گیانی دایکم، دایکم تەنیا وتی: کچم سێوە تونیەتی، ئاوی پاکی بەرێ با نەخۆش نەکەوێت. دایکم بێدەنگ بوو، کابراش دەستی کرد بەخواردنی دایکم، منیش هاوارم کرد و وتم: دایکە گیان. ئیتر منیش چاوم نووقاند کە چاوم کردەوە بینیم ژن و منداڵ سەرەتاتکێیانە و غەڵبە غەڵب و هاتو هاوارە، هەستام سەیری سێوەم کرد نووستبوو، خۆشحاڵ بووم، وتم کەواتە خەوم بینیبوو، هەستام هەر چۆنێک بێت خۆم خزانە بەرپەنجەرەکە و هەستم کرد ژنەکان خۆیان دەیانویست ڕێم بۆ بکەنەوە، سەیرم کرد دایکم لە حەوشەکە وەستابوو، پاڵی دابوو بە دیوارێکەوە و کراسەکەی لەسەر شانییەوە دڕابوو، قەمەیەکی سەربازی بەدەستەوەبوو، بەترسەوە ڕایدەوەشاند و بەدەستەکەی کەی کراسەکەی دەخستەوە سەر شانی، چەند سەربازێک بەچەکەکانیانەوە دەوریان دابوو، دەیانویست دایکم بگرن، لەوکاتەدا کابرا ورگنە ڕەشتاڵەکە هات بەفالینەیەکەوە و دەستێکی بەچاویەوە بوو کە خوێنی لێ دەهات، ئەو سەربازەی کە کوردی دەزانی دەستی گرتبوو، سوکنایی بەدڵما هات، زانیم دایکم لێی داوە، ژن و منداڵەکان دەگریان و هاواریان دەکرد کە واز لە دایکم بێنن، دایکم منی بینی، چەقۆکەی فڕێ داو بەرەو لای ئێمە هاواری کرد و وتی: کچەکەم نەترسی، ئاگات لە

سێوە بێت، باشە؟ بەحاڵ گوێم لە دەنگی بوو، چونکە دەنگە دەنگی ژن و سەربازەکان زۆر بوو، منیش بەگریانەوە بە دایکمم وت: زوو وەرە با تەقەت لێ نەکەن، پیاوە ڕەشتاڵەکە پڕی کرد بەدەستی سەربازێکداو چەکەکەی لێ سەند و وتی: لیش سویت هیچی حیوان، حیوان، مخریب. دوو فیشەکی نا بەدایکمەوە، دایکم تازە خەریک بوو دەگەیشتە دەم پەنجەرەکە، کەوت چاوی بڕییە من و ویستی شتێک بڵێ بۆی نەوترا و گیانی دەرچوو، منیش کە بەو حاڵەوە دایکمم بینی بوورامەوە و لە هەموو شتێک بێ ئاگابووم، نازانم چەنێک بوو بێهۆش بووم، بەڵام کە چاوم کردەوە خۆم لە بەرزییەوە بینی، زەوی دەڕۆیشت، زۆرم پێ سەیر بوو، بەڵام زوو بۆم دەرکەوت من بە باوەشی سەربازێکەوەم و دەمبات، سەرم هەڵبڕی، بینیم هەر ژن و منداڵە بەپەلە سواری ئۆتۆمبێلی سەربازی (زیل) دەکرێن، زوو دایکم و سێوەم بیرکەوتەوە، خۆم لە باوەشی سەربازەکەدا هەڵدایە خوارەوە و هاوارم کرد: دایکە گیان، سێوە گیان. بەرەو سەربازگەکە ڕام کردەوە، سەربازەکە گرتمیەوە، منیش هەر پەلەقاژێم دەکرد، هەڵیدامە پشتی زیلەکەوە، ژنێک کە سێوەی لەکۆشی خۆی دانابوو پەلی گرتم و ڕایکێشامە تەنیشتی خۆی و وتی: وەرە کچە جوانەکە ئەوەش سێوە، لای منە، منیش باوەشم کرد بەسێوەدا و بە نیگەرانییەوە وتم: کوا دایکم؟ ژنەکە دەستی ڕاکێشاو وتی: ئەوەتا سەیریکە ئەوە دایکت لەوێیە، بینیم چەند سەربازێک لە دوورەوە دیاربوون کە بەخاکەناز زەویەکەیان دەکوتییەوە، بیرم هاتەوە ئەمشەو تەقەیان لە دایکم کردبوو، ڕاست بوومەوە و فرمێسک بەچاومدا هاتە خوار، ویستم خۆم هەڵدەمە خوارەوە، سەربازێک ڕێگری لێ کردم، هاوارم کرد: دایکم، دایە گیان. ژنەکەش بانگی کردم و وتی: خوشکەکەو دەگری، وەرە ئاگات لەم بێت، دایک خواعافووی بکات، بۆ هەمیشە ڕۆیشت، ڕاستی دەکرد سوودی نەبوو، بۆیە باوەشم کرد بەسێوەدا و توند گوشیم بەخۆمەوە، سەربازەکان بە پەلە سواربوون و ئوتۆمبێلەکان کەوتنەڕێ، کۆمەڵێک سەگ دەرکەوتن بە شوێن ئوتۆمبێلەکاندا ڕایان دەکرد و دەوەڕین، بەڵام پاش کەمێک سەگەکان ماندووبوون و بەرەو سەربازگەکە گەڕانەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: پێ دەچێت ئەوانیش برسییان بووبێت، دایکە گیان ماڵ ئاوا.

ئێمەیان خستبووە ناو سێ ئوتۆمبێلی (زیلی) سەربازییەوە، دوو ئوتۆمبێلی جێبی (واز) پێش و دوایان گرتبووین و چەند سەربازێک پاسەوانیان دەکردین، ژن و منداڵەکان دەگریان، سێوەی خوشکیشم دەگریا و داوای دایکمی دەکرد و جارجار دەیوت: دایکە... ئاو، لە بازگەیەک لایان دا و وەستاین، سەرم هەڵبڕی و داوام لە سەربازێک کرد کە ئاومان پێ بدات، وتم ئاو، تکایە ئاو. ناسیمەوە، ئەو سەربازەبوو کە بە باوەش منی هێنایە ناو ئوتۆمبێلەکەوە، ژنێک وتی: عتشان... ئەرید مای. سەربازەکە بزەیەکی کرد و چووە خوارەوە ئاو بێنێ. ئوتۆمبێلی پیاوە ڕەشتاڵەکە لە پاش ئێمەوە بوو، دابەزی و چاوێکی پێچرابوو، سەیری ئێمەی کرد و خۆی گرژ کرد، سەربازەکە جامێک ئاوی بەدەستەوە بوو هێنای بۆمان، منیش دەستم ڕاکێشا بیگرم، بەڵام کابرای ڕەشتاڵەکە بانگی کرد و وتی: تعال... حسێن.

سەربازەکە وتی: نعم...سيدي. پیاوە ڕەشتاڵەکە وتی: هازە شنو... ترید تنتیهم مای... یازمال. شەقازللەیەکی لێ دا و ئاوەکە ڕژایە سەر زەوی، ژنەکان دەستیان کرد بە تف و نەعلەتکردنی، سەربازەکە لە ترسا خۆی هەڵدایە لای ئێمە و بە نائومێدی سەیری سێوەی دەکرد، لەوکاتەدا چەند ئوتۆمبێلی زیلی تر هاتن و لەبەردەم بازگەکە هێواشیان کردەوە، ژن و منداڵەکان بینیان ئەوە پیاوەکانن کە لێکیان دابڕیون، وازیان لە قسەکردن بە پیاوە ڕەشتاڵەکە هێناو دەستیان بەگریان و ڕۆڕۆ کرد، منیش بەهەمان شێوەی ئەوان، سێوەم لە باوەش کردو دەستم بەرزکردەوە، باوکمم بینی لە دووەم ئوتۆمبێلابوو، ئەویش چاوی دەگێڕا بۆ ئێمە، بانگم کرد: باوکە، باوکە گیان، بەڵام ئاگای لێمان نەبوو، نەیبینین، شوانەشم بینی بانگم کرد و دەستم ڕاوەشاند، شوانەی برام ئێمەی بینی و هەستا چووە تەنیشت باوکمەوە و ئاماژەی بۆ لای ئێمە دەکرد، بەڵام بەداخەوە تێپەڕین و ڕۆیشتن، ویستمان بچینە خوارەوە سەربازەکان ڕێگرییان کرد، لە هەمووی بە ئازارتر ئەوەبوو سێوە هەر بۆ ئاو دەگریا، نەمدەتوانی تۆزێک ئاوی بۆ پەیداکەم، خۆشم دەگریام، پاش کەمێک دووبارە ئوتۆمبێلەکانی ئێمە کەوتنەڕێ، هیچ دیارنەبوو، جگە لە جادە و دەشتاییەکی چۆڵ و بێ ئاوەدانی و بێ دارودرەخت.

سێوە لە باوەشمدا بەدەم گریانەوە نووست، تارماییەک لە دوورەوە دەرکەوت، وردەوردە نزیک بووینەوە، بینیم شۆفەڵێک و ئوتۆمبێلێکی سەربازییە، لەنزیکیان وەستاین و چەند ئەفسەرێک دابەزین لەگەڵ شۆفیری شۆفەڵەکە کەوتنە مقۆمقۆ، کەس لەئێمە نەیدەزانی ئەوانە خەریکی چین و باسی چی دەکەن، نازانم کەی، بەڵام خەوتبووم بەدەنگی سێوە بەخەبەر هاتمەوە، چاوم هەڵهێنا، هەموو ژن و منداڵەکان بێتاقەت و نائومێد و بێدەنگ بوون، دەتوت لەناو کۆمەڵێک مرۆڤی مردوودا ڕاکشاوم، تەنیا سێوەی خوشکم خۆشحاڵ و وزەی تیابوو، بەرز

دەبوویەوە و دەیوت: دادە ئاو، ئاو، ئاو. سەرنجم دا بەو شوێنەی کە سێوە بەدەست ئاماژەی بۆ دەکرد بینیم ڕاست دەکات، دەریایەک لە دوورەوە دیارە، منیش لە خۆشیدا چووم دەستم کردە ملی سێوە و هاوارم دەکرد: ئاو، سەیرکەن، ئاو!.

ژنێکی بەتەمەن سەری هەڵبڕی و سەیری کرد و سەری ڕاوەشاند و وتی: کچی خۆم ئەوە ئاو نییە، ئەوە سەرابە. منیش وتم: سەراب چییە؟ دوو سێ منداڵی کەش بەهەمان شێوە و بەخۆشحاڵییەوە سەیریان دەکرد، ژنەکە وتی سەراب فێڵی بیابانە، بەشێوەیەک خۆی نیشان دەدات کە ئاوە، بەڵام ئاو نییە. بە نائومێدی وتم: ئەوە نییە ئاو دەبینین، دڵنیام ئاوە. ژنەکە وتی: کچی خۆم، چۆن شەیتان دایە حەوای بەسێوێک فریو دا، هەر بەو شێوەیە سەرابیش فێڵی بیابانە بۆ فریودانی ئادەمیزاد، لەوکاتەدا ئوتۆمبێلەکان وەستان، سێوە بەخۆشحاڵییەوە ویستی دابەزێت، منداڵەکانی کەش بە شوێنیدا، بەڵام سەربازەکان ڕێگرییان کرد و نەیانهێشت کەس دابەزێت، سێوە دەگریا، منیش داوای ئاوم دەکرد بۆ سێوە، بەڵام کەس گوێی بەگریان و تکای ئێمە نەدەدا، شۆفەڵەکە دەستیکرد بە هەڵکەنینی زەوی، ژنەکان وەک ئەوەی هەستیان بە شتێک کردبێت، کەوتنە نارەزایی و گریان و هاوار، سێوەم توند گرت و باوەشم پێداکرد و وتم: خەمت نەبێت سێوەگیان ئێستا دەچم ئاوت بۆ دێنم، ژنەکان بەگریانەوە دەیانوت: ئەی هاوار خوایە زیندە بەچاڵمان دەکەن، خودایە فریامان کەویت. تۆز و خۆڵی شۆفەڵەکە و هاتوهاواری ژن و منداڵەکان ترس و بێزاری نامۆیی لەو بیابانە لەلام دروست کردبوو، بەڵام ئەوەی ئازاری دڵی دەدام کە خوشکەکەم بێهوودە دڵخۆش بووبوو، تاکە هۆکاری دڵخۆشییەکەشی ئەوەبوو کە بەڕوخساریدا دەردەکەوت دەریایەک لەئاوی بینیوە، بۆیە ئیدی زانیم سێوە تینووی ئاوە، نەک تینووی ژیان.

لەو کاتەدا ئوتۆمبێلەکان وەستان، سێوە بەخۆشحاڵییەوە ویستی دابەزێت منداڵەکانی کەش بە شوێنیدا، منیش دەستم ڕاکێشا و دەبەیەکی بەتاڵی لێ بوو، هەڵم گرت و ویستم دابەزم، سەربازەکان ڕێگرییان کرد و نەیانهێشت کەس دابەزێت، سێوە هەر هاواری ئاوی بوو، منیش هەر دەمقیژاند و دەبەکەم ڕادەوەشاند و بۆ سێوە داوای ئاوم دەکرد، بەڵام کەس گوێی بە گریان و تکای ئێمە نەدەدا، شۆفەڵەکە کەوتەوە کار و دەستی کرد بە هەڵکەندن، بۆیە بەسێوەم وت چاوەڕێم بە ئاو دێنم و دێمەوە، لێوی وشک بووبوو، تەپوتۆز توانایی بینینی کەم کردبووین، هەرچۆنێک بوو خۆم خزانە خوارەوە، کەس هەستی پێ نەکردم، بە سکە خشکێ و بە دەبە بەتاڵەکەوە خەریکبوو لە ئوتۆمبێلەکان دووردەکەوتمەوە، لەپڕ جووتێک پۆستاڵ هاتە بەردەمم، ترسام، بەهێواشی سەرم هەڵبڕی، سەربازێک بوو، ئەوەبوو بۆ چەند ساتێک بەو شێوەیەماینەوە، هاتوهاواری ژن و منداڵ بەردەوام بوو، سەربازەکە چەکەکەی دانا و دانەویەوە دەستی گرتم و بەرزی کردمەوە و وتی: ڕوح، یلا، ڕوح. منیش سەیرم کرد ناسیمەوە، ئەو سەربازە بوو کە چوو ئاوی بۆ هێناین، ئەفسەرە ڕەشتاڵە کوێرەکە نەیهێشت، بەگومانەوە لێی دوورکەوتمەوە لە تەپوتۆزەکە دەرچووم، چاوم گێڕا دووبارە ئاوەکەم بینی، لەدڵی خۆمدا وتم: یەک دەبە ئاو پڕدەکەم و دەیبەمەوە بۆ سێوە بیخواتەوە، ئیتر نازانم چۆن کەس نەیبینیم، بەهەموو تواناییمەوە ڕام دەکرد، جارجار سەرم وەردەگێڕا و سەیارەو شۆفەڵەکەم دەبینی، زۆر ڕۆیشتم، بەڵام نەدەگەیشتم بەئاو، ڕۆژ خەریکبوو ئاوا دەبوو، ئاوەکە لەپێش چاوم نەما، لام کردەوە بۆ دواوە، شۆفەڵ و ئوتۆمبێلەکان دیار نەمابوون، ئیتر نائومێدبووم بەشوێن خۆما گەڕامەوە و زۆر هیلاک بووم، وردە وردە دەڕۆیشتم، بەدەم خۆمەوە دەموت: سێوە گیان، سێوە. لەدوور دەرکەوتنەوە، زۆری نەمابوو بگەمەوە لایان سەرم گێژی خوارد و دەبەکەم لەدەست بەربوویەوە، دووسێ هەنگاوی تر ڕۆیشتم و کەوتم، کاتێک هۆشم هاتەوە شەوبوو، مانگ و ئەستێرە بە ئاسمانەوە دەرکەوتبوون، ترس دایگرتم، هێزم دایە بەرخۆم و ڕووناکی مانگ بەرچاومی تارادەیەک ڕوون کردبوویەوە. چوومەوە شوێنەکە کە ئوتۆمبێلەکانی لێ بوو، بەڵام بەس شوێن تایەو پێ و پێڵاوی لێ بەجێمابوو، کە چوومە پێشەوە تاکێک نەعلم بینی ناسیمەوە کە ئەوە تاکی نەعلەکەی سێوەی خوشکمە کە دایکم ئەو شەوە بۆی دوورییەوە، زۆر شەوێکی بێدەنگ و کپ بوو، دەستم کرد بەگریان بۆ سێوە و نەعلەکەیم ماچ دەکرد، لەگەرمەی گریاندا گوێم لەدەنگی سێوە بوو دەیوت: ئاو... دادە، ئاو، ئاوت بۆ نەهێنام... تینوومە. ئیتر سێوە بۆ هەمیشە ڕۆیشت.

نازانم چۆن بوو شوانێکی عەرەب بەبێهۆشی منی لەو بیابانەدا دۆزیبوویەوە و بردوومیەتییەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئێستاش هەموو کاتێک بۆم بکرێت دەچم بۆ بیابان، بێ ئەوەی بزانم سێوە و ژن و منداڵەکان جێگای زیندەبەچاڵەکەیان لەکوێیە، تێر دەگریم، منداڵەکانیشم لەگەڵمدا دەگرین، لەوکاتەدا گریانی خۆم بۆ قسەکانی نەنکم بیردێتەوە کە دەیگێڕایەوە دادە سێوە چۆن مار پێوەی داوەو مردووە، سێوەی منیش بەهەمان حاڵ، چیرۆکێکە کە بەردەوام بۆ منداڵەکانم دەیگێڕمەوە.